# پیرۆزە لەدایکبوونت

پۆلا سەعید

هەرچەندە کەموکوڕییشی هەبێت، بەڵام هێشتا شنەی "با"ی ئازادیی ڕادەربڕیینی تێدا زیندانیی نەکراوە. خۆشحاڵم بەوەی منیش وەکی هەموو نووسەرێکی کوردستان نێت و خوێنەرانی کوردستان نێت، لە ئاهەنگی ئەم ساڵڕۆژی دامەزراندنەیدا سەمایەک بۆ سەرکەوتنی بکەم. لێرەوە لە دەرکەلانی ئەم وشانەوە پیرۆزبایی لە تێکرای خوێنەرانی نێت و نووسەرانی و بەتایبەتییش لە برای هێژا کاک عومەر فارس دەکەم. بەڕاستیی دەستخۆشیی لێدەکەم و ئومێدی ئەوە دەخوازم کە هەمیشە لەش ساغ و سەرکەش بێت لەپێناوی پەرەپێدانی ڕەوتەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی، لەم قۆناغە نوێیەی گەلەکەماندا. لە مینانەی ئەم چەند ساڵەدا کوردستان نێت ئەگەر گیروگرفتیی کاڵوکرچیی هەندێک بەرهەمیشی هەبووبێت، بەڵام هێشتا نرخی خۆی لە بەهای ڕۆژنامەوانییدا نەهێناوەتە خوارەوە. ئێمەی خوێنەر چەند بەرهەمی بێهێزمان لە کوردستان نێت دا هاتبێتە سەرڕێ، دووئەوەندە زیاتریش بەرهەمی بەپێز و ڕێکوپێک و ئەکادیمییشمان بەرچاوکەوتووە. کەواتە لێرەدا هەروەک چۆن ڕۆژنامە باوەکانی لاپەڕەیی وڵات، کەموکوڕییان هەیە و ناتوانرێت ناوەڕۆکەکانیان لە سەداسەد بە باشە بپێورێت، کوردستان نێتیش وەکی ئەوان تووشی ئەم بۆشاییە بووە. بەڵام جیاوازیی گەورە لەنێوانی ڕۆژنامە باوەکانی وڵات و کوردستان نێت دا ئەوەیە، کە هێندەی ئازادیی ڕادەربڕیین لە کوردستان نێت دا هەیە، لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا نییە. لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا ئەگەر هاتوو هەر کارمەندێکی ئەو ڕۆژنامەیە، هەر کێشەیەکی تایبەتیی لەگەڵ نووسەردا هەبێت ئەوا مەخابن زۆر دڵڕەقانە بابەتەکانی پێشتگوێ دەخرێت و بڵاوناکرێنەوە. ئەگەر هاتوو نووسەرێک ڕۆژێک لە ڕۆژان نووکی پێنووسی کردبێتە یەکێک لە کارمەندانی هەر دەزگایەکی ڕۆژنامەوانیی لە وڵاتدا، ئەوا زۆر دواکەوتووانە بابەتەکانی نووسەری ڕەخنەگر تووڕدەدەن و بەهیچ شێوەیەک دەرگا لە ڕووی نووسینەکانی ناکەنەوە. ڕۆژنامەکانی وڵات لەسەر هەمان سیستێمی نابەجێ و دواکەوتووانەی سەردەمانی ژێردەستەیی دەڕۆن بەرێوە، کە هەتا ئێستاش هەتا خەڵکانی دەورویشتی خۆیان و کارمەندانی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکە و نووسەرە لێپرسراوەکان وەستابێت، نووسەرانی بێلایەن و خاوەن هۆشێکی تایبەت لایان لێناکرێتەوە. هەندێک جار بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانە هێندە کۆن دەبن کە سەردەمیان تێدەپەڕێت و ئیدی کە لە بۆنەی خۆی دەرچوو هیچ بەهایەکی وەهایان بۆ خوێنەر نامێنێت. هەروەکوو چۆن دەزگاکانی چاپەمەنیی هەتا خەڵکانی ناسراو و دەروپشتی خۆیان وەستا بێت، کەسی تر سەرەی بە چاپگەیاندنی بەرهەمێکی نوێی بەرناکەوێت. کوردستان نێت ئەگەر هەتا ئێستا نەیتوانیبێت لە هەندێ ڕەوتی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانیدا خۆی دەوڵەمەند بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە هەموو ڕۆژنامەکانی وڵات زیاتر ئازادییخوازترە و دیموکراتخوازترە. لەوباوەڕەدام کە کەم نووسەر هەیە لە کوردستان نێت دا، هەتاوەکوو ئێستا نەیتوانیبێت بوێرانە دەنگی ڕەوای خۆی بەخوێنەری کورد بگەیەنێت، لەکاتێکدا لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە کەمترە.

کوردستان نێت  لە میانەی ئەم چەند ساڵەی کارکردنیدا توانیوویەتی هەلێکی باش بۆ ئەو کەسانەش ڕێکبخات کە ئارەزووی نووسینیان هەیە. هەر لەم ڕێگەیەشەوە کوردستان نێت لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بووەتە سەرایەک بۆ ئەو کەسانەش کە دەیانەوێت ئەسپی خۆیان لە مەیدانی نووسیندا تاوبدەن. ئەوەی لەسەر هەمووانە پێویستە، ئەوەیە کە بتوانین ئەم ماڵە بپارێزین، لە دەستتێوەردانی دەستەڵاتدارانی کورد، نەبادە خوانەکردەن لە داهاتێکی دوور یان نزییکدا لەژێر چەتری بە ئێراقیی بووندا و لەژێر دەستەڵاتی یاسای ئێراقییدا چرای ئەم ماڵە ئازادەمان لێبکووژێننەوە.

13.08.4